أقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
مديرية الشؤون القانونية

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF Labor and Social Affairs

هەرێمی كوردستان-عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی

No: ژمارە: ٥٨٤
Date: 2021 / ٢ / ١ ڕێكەوت : / / ٢٧٢٠ وردی

پشت بەستن بە ئەحكامی ماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی كوردستان – عێراق ، ئەم ڕێنماییەمان دەركرد :

## ڕێنمایی ژ (٣)ی ساڵی (٢٠٢١)

## هەمواركردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی كوردستان – عێراق

ماددەی (١) :

یەكەم : هەمواركردنی **برگەی دووەم** لە ماددەی **(هەشتەم)** و بەم شێوەیە دەخوێندرێت :

(( پلەی خزمایەتی زۆر نزیك بێت لە كەمئەندامەكە ولە ئەندامانی خیزانەكەی خۆی بێت ، ئەگەر نەبوو ئینجا لە دەرەوەی خێزانەكەی دەبێت بەپێی پلەی نزیكی خزمایەتی وله شوینی نیشتەجێبوونی كەمئەندامەكە بێت و:

أ. كەمئەندامی مێینە **(أنثى)** تەنها لەلایەن مێینەوە**(أنثى)** بەخێودەكرێت .

ب. ئەو كەمئەندامەی پێویستی بە بەخێوكەر بێت ودایكی ژنی ماڵەوە بێت ، تەنها دایكەكە دەبێتە بەخێوكەری جگە لەوەی ، ئەگەر دایكەكە دووچاری نەخۆشیەك بووە وەك (ئیفلیجی مێشك ، بیركۆلی ، نابینایی......هتد) و توانای بەخێوكردنی نەبوو .

دووەم : **برگەی (چوارەم)** لە **ماددەی هەشتەم** زیاد دەكرێت ، وبەم شێوەیە دەخوێندرێت :

(( ئەوانەی لە دەرەوەی وولاتن مۆڵەتی بەخێوكەر نایانگریتەوە )).

## ماددەی (٢)

هەموارکردنی (بڕگەی یەکەم لە ماددەی نۆیەم) وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێت :

یەکەم :

أ. ڕێژەی پەککەوتن بۆ مەبەستی بەخێوکردن دەبێت بە ڕێژەی (١٠٠%) بێت . کەلەلایەن لیژنەی پزیشکیەوە دیاری دەکرێت ، وە بۆ نەخۆشییەکانی (ئۆتیزم ومەنگۆل و بیرکۆڵ) دەبێت ڕێژەی پەککەوتنەکە (٨٠%) وسەرەوەتر بێت و بۆ نەخۆشی شیزۆفرینیا بە ڕێژەی (١٠٠%) دەبێت .

ب. پێدانی مۆڵەتی بەخێوکەر بە باوکی منداڵانی تووش بوو بە (ئۆتیزم) لەو خێزانانەی دوو منداڵیان تووشی ئەم نەخۆشییە بووە .

## ماددەی (٣)

ئەو ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) .

کوێستان محمد عبدالله

وەزیری کاروکاروبای کۆمەڵایەتی

٢/١

وێنەیەك بۆ :

- وەزارەتی داد/ ب. ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان + cd ، بفەرموون بۆ بڵاوکردنەوەی ، لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکانی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەلایەتی (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ، هەلەبجە ،گەرمیان) ، بۆ کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی جەنابی وەزیر .
- نوسینگەی بریکاری وەزیر .
- ب.یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- خولاو.

Awaz ٢٠٢١/١/٣١

Email:
Site:
ناونیشان: هەولێر - شەقامی شۆرش
لعنوان : أربيل- شارع شورش